# ڕۆژ خەڵتانی تاریکییە!

مەهاباد قەرەداغی

پەیژە لارە بێکۆتاکان بەرەو ژێرخانی رۆح دەچن!
لەوێ. . گۆزەی کارەساتەکان کوونن
ئەو ناوەیان خەڵتانی ڕووداو کردووە!
خۆرەی دڕدۆنگی گەرای لە بن دیوارەکانی خۆڵدا داناوە
لەوێ. . شارەخۆرەیەک لە جەستەی ڕۆژی داوە و. . کردوویە بە شەو!
. . .
گەردیلەکان سوور دەچنەوە. . سوور
لە گشت گەردیلەیەکدا دەزوولەی شەقامێکی بەرین
هەنگاوەکان دەباتەوە سەر شاڕێی بوونێکی نەگۆڕ
دیوارەکانی متمانە ڕووخاون
هەنگاوەکانیان خەڵتانی ونبوون کردووە!!
. . .
بە قەد جەواڵی تاریکی. . نهێنی لە کۆشی زەمەندایە
گرێکان، بە نینۆکی ئاسنین و. . سەرنجی ئاویی دەکرێنەوە
شەربەی جەستە. . لێوانلێوە لە تینوێتی

## قوڵپ.. قوڵپ.. قوڵپ

وشکایی لێوە دەرژێتە جامی خەونەوە!
چۆلەکەکان. . لە پیاسەی بێهوودەی سەحەردا
باسی باڵەکانی خۆیان بۆ کزەبا دەگێڕنەوە
ئاوەدانی ئەوسای دارستان. . کە هێشتا گەڵا خەڵتانی سەوزیی و. .
ئەوانیش نوقمی فڕین بوون!
. . .
بەچی دەچێ. . مێژووی گیان پڕ بووبێ لە ئێوارەی ڕۆشن
کە ئێستا. . دەریا تابووتی شەپۆل و. . ماسی و. . مروارییە
کە ئێستا. . کەنار چوارچێوەیەکی شکاوی وێنەیەکی لۆچی ئاوە
سپێدە تەقیووە و. .
ڕۆژی بەستەزمانی خەڵتانی تاریکی کردووە!